# کام مژده بۆ خەڵکی کوردستان
# لە پەراوێزی تەقینەوەکەی شاری هەولێر

عەلی مەحمود محەمەد

لەم ڕۆژانەدا مژدە هەواڵێك لە سایدی پەیمانێردا بڵاوکرایەوە لەسەر ئاشکرا کردنی تۆڕی تاوانباران لە لایەن ئاسایشەوە . کە مانشێتی هەواڵەکەم خوێندەوە وام هەست کرد مەسیح دابەزیوەو و کوژراوەکانی زیندوکردۆتەوە , سێ کوڕی بۆ ئەو دایکە گەڕاندۆتەوە , لەو کارەساتەدا بوونە قوربانی , ئەگەر ئەمە نەبێت مژدەی چی ؟؟ , ئەگەر کارەساتەکە ڕوی نەدایا و قوربانییەکان خوێنییان نەڕژایە ئاشکرا کردنی ئەو تۆڕە تیرۆریستییە بە مژدە هەواڵەکەی بڵاو بکردرایەتەوە دەمان ووت دەستان خۆش , بەڵام دوای ئەو کارەساتە گەورەیە تۆ بەخەبەر بێیتەوە , چ خۆشییەك لە سەرکەوتنەکەتدا ببینمەوە ؟؟؟, چ چەپڵەیەك بۆ داستانەکەت لێبدەم ؟؟؟ , چ مژدەیەك بە دەیان دایکی جەرگ سوتاو دەدەیت ؟؟؟ . دەزگایەك کاری دابینکردنی ئاسایشە , ئێستا بەو کەلێنانەی لە ئەنجامی گەندەڵی و نەبوونی دیموکراسی و نەزانی کارگێڕی بە دی هاتووە , هەولێری کردە گۆڕەپانی چالاکییەکانی تیرۆریزم , لە ئەنجامدا پایەی دەسەڵات لەرزی , جێگەی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری هەولێر و حکومەتی هەرێم هاتە خوارەوە , لە دوای قوربانییەکان دەسەڵاتدارییەتی هەرێم زیان لێکەوتووی سەرەکی بوون , ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە حکومەتی هەرێم لێپرسنەوە لە دەزگا ئاسایشەکانی بکات و دان بە شکستی خۆی بێنێت لەوەی نەیتوانییوە ئاسایش دابین بکات بۆ هاوڵاتییانی خۆی , کە سەرەتاترین کارە دەبێت هەر جکومەتێك ئەنجامی بدات .

کە نەخۆشی سارس چینی گرتەوە وەزیری تەندروستی بنەو بارگەی پێچایەوە , چونکە سەرکەوتو نەبوو لە کارەکەی , نەیتوانی ڕێگری لەبەردەم تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشییە دروستبکات لە چین .

ئیستقالە دان و داوای لێبوردن کردن نەرێتێکی باوە لە وولاتە دیموکراسییەکان, لە بەرامبەر ئەو کارانی کەسی بەرپرس لە کارەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە و شکستی هێناوە , لە کوردستانیشدا ئەگەر کەمترین دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان هەبێت دوای کارەساتێکی وا دەبێت دەسەڵات بلەرزێت و گوێ بیستی دەیان ئیستقالە بین .

هەولێر بەو هەموو مزگەوت و خانەی فتوایەوە , بەو کلتورە پارێزگارانەیەوە , بەو هەموو بنج و ڕەگ داکوتانەی هێزە ئیسلامییەکانەوە, چۆن نابێتە شوێنی تەراتێنی ئیسلامی جیهادی ( ڕاستە لەسەرەوە هێزە ئیسلامییەکان هەندێکییان لەگەڵ تیرۆردا نین , بەڵام لە خوارەوە ئیسلامییەکان هەموو بە یەك عەقڵ بیر دەکەنەوە , یەك میتۆدییان هەیە بۆ خەبات , یەك بیرکردنەوەیان هەیە بۆ بەهەشت و جیهاد و بەدەست خستنی حۆری , بۆیە زۆر ئاساییە ئەندامێکی یەکگرتوو سبەی ببێتبە ئەنسار سونە , ئەی ئەوە نییە لە بەغدا حیزبی دەستە خوشکی یەکگرتوو کە حیزبی ئیسلامی عێراقییە جیاوازییان پێ ناکرێت لەگەڵ هەیئەی عولەماو موجاهدینەکان , یەکییان دەیڕفێنێت , ئەوی دیکە دەلاڵییەکەی دەکات و ئەوی دیکە شەکراوەکەی دەخواتەوە) .

ئەم تەقینەوەیەی **5-4** ی هەولێر جارێکی دیکە سەقەتی سستەمی کارگێڕی کوردستانی دەرخستەوە . ئەو خەڵکە کە دەیانەوێت لە فەرمانگەیەك یان دەزگایەك دابمەزرێن بۆ دەبێت لەبەردەم ناوچەی هێزی ناوخۆیی کۆببنەوە؟؟؟ , ئەی حکومەت و وزارەتەکان لە کوێن؟؟؟ . سستەمی تەسکییە باشترین دەروازەیە بۆ دزە کردنی خەڵکانی هەلپەرست و نێردراوی لایەنە تیرۆریستەکان و کۆنە پیاوانی ڕژێم بۆ ناو حەساس ترین دەزگا . ئەوانەی فێری ویژدان فرۆشین , یاخود ئامانجییان هەیە لە چونە ناو ئەو دەزگایانە ئاساییە تەسکییەك زۆر بە ئاسانی بکەن و بچنە ناو ئەو دەزگایانە و کارەساتی **4** ئایاری هەولێر بخولقێنن . بەڵام خەڵکی دڵسۆز و پاك و خاوەن هەڵوێست , چۆن لە ڕابردودا ئیمزایان بۆ بەعس نەکرد ,

ئاواش ئەمڕۆ ئیمزایەك بۆ دامەزراندن و مانگانەو زەوی ناکەن ئەگەر باوەڕپییان بەو حیزبە نەبێت , بۆیە دامودەزگاکان بە بەرەی یەکەم پڕە بێت و بەرەی دوەمیش چاوەڕوانی تەقاندنەوەکان دەکات .

لە کۆتاییدا دەڵێم باشترین مزگێنی بۆ خەڵکی کوردستان , دەرکردنی ئەو ستافەیە لە ئاسایش لە ئەنجامی بێخەبەری و سەقەتی کارەکانییان شاری خۆشەویست و بە شەهامەتی هەولێر ئەو کارەساتەی بەخۆوە بینی .